هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
- مديرية مركز الاعلام -

Judicial Council

ژمارە / ٥ / ٤٢٣
ڕێکەوت / ٢٧١٣/ ٢٦ رەشەمێ

Date : ٢٠١٤/ ٣ / ١٧


## ڕوونکردنەوەیەك لە وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانەوە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو، بەشێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەنگۆی ئەوەیان بڵاو کردۆتەوە کە گوایە ماوەیەك بەر لە ئێستا بە بڕیارێکی ئەنجومەنی دادوەری ماوەی یاسایی سەرۆك و ئەندامێکی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی یاسا درێژکراوەتەوە.

بۆ ڕواندنی گومانەکان و ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی یاسایی ئەم بڕیارە بە پێویستی دەزانین ئەم چەند خاڵە بخەینە بەردەم هەموو لایەك:-

١- ئەنجومەنی دادوەری بڕیاری داوە بە درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی خزمەتی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و دوو دادوەری تری دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان، واتە بەم بڕیارانە خزمەتی یاسایی بۆ سێ دادوەری بەڕێز درێژ کراوەتەوە نەوەك دوو، هەروەك باسی لێ کراوە.

٢- ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم بە پێ ی بڕگەی (٢) ماددە (١)ی یاسای درێژکردنەوەی خزمەتی دادوەرانی عێراقی ساڵی ٢٠١٢ دراوە کە یاسایەکی (تنظيمي) فیدرالیەو لە هەرێمیش کاری پێ دەکرێت بەو پێ یەی هەموو قۆناغەکانی بە یاسابوونی بڕیوەو دواتریش بە واژووی خودی سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدرال بەڕێز (مام جەلال) دەرچووە.

٣- ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی دادوەری بەرەزامەندی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری بووە، کە ژمارەیان ٩ ئەندامە، هەروەها لەسەر ڕاسپاردەو تەکلیفی ڕاستەوخۆو فەرمی کۆی ئەندامانی تری دادگای تەمییزی هەرێم دراوە، واتە زیاتر لە ٢٢ دادوەری پڕ ئەزموونی هەرێمی کوردستان کە بە کۆڵەکەی دەسەڵاتی دادوەری هەرێم دەژمێردرێن بۆ جێ بە جێ کردنی یاسای سەرەوە لە هەرێم کە بێ ئەوەی ڕەزامەندی و (انفاذ)ی پەرلەمانی کوردستانی پێ وەربگیرێت، بەو پێ یەی کە ئەم یاسایە، یاسایەکی فیدرالی و (تنظيمي)یەو پێویستە ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت و لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان یاسای هاوشێوەمان نیە.

٤- ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم بە کارکردن بە دەقی یاسای ئیتحادی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠١٢ بە بێ کاراکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەرمەکیانە نەبووە، بەڵکو پاڵپشت بووە بە دەقی ڕای فەرمی ئەنجومەنی شوڕای هەرێم ژمارە ٢٠١١/٣٦ لە ٢٠١٢/١٠/١١ کە ئەویشیان پشت ئەستوور بووە بەو بنەمایانەی کە لە مادەکانی (١١٥ و ١١٧ و ١٢٠ و ١٢١ و ١٤١)ی دەستوری عێراقی فیدرالی ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووە، هەروەها نووسراوی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ٢٢١١/٣/٤ لە ٢٠١١/١٢/١٨ کە تایبەتن بە کارپێکردن بەو یاسا ئیتحادیانەی پاش ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٩ دەرچووینە، کە لە خۆوە یەکسەر (تلقائياً) کاری پێ دەکرێت، بێ ئەوەی پێویست بکات بەدەرکردنی یاسایەك بۆ جێ بەجێ کردنیان لە ناو هەرێم، بە تایبەت گەر یاسای هاوشێوەمان نەبێت لە هەرێم، تەنها لەو بوارانە نەبێت کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەت و (حصری)یەکانی حکومەتی ئیتحادی.

وە بۆ بەرچاوروونی بەڕێزتان، هەمان ڕای ئەنجومەنی شورای هەرێم یاساکانی کۆماری عێراقی دابەشکردووە بۆ سێ جۆر (لەڕووی کارپێکردنی)، بەم شێوەیەی خوارەوە :-

أ / ئەو یاسایانەی عێراق کە لە پێش ڕاپەڕین دەرچوینە، ڕاستەوخۆ لە هەرێم جێ بەجێ دەکرێن، تەنها مەگەر لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ڕاگیرابن وە یان هەموار کرابن.

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
- مديرية مركز الاعلام -

Judicial Council

ژمارە / ٥ / ٤٢٣
ڕێکەوت / ٢٧١٣/ ٢٦ / رەشەمێ
Date ٢٠١٤/ ٣ / ١٧


ب / ئەو یاسایانەی کە لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ لەلایەن حکومەتی عێراق دەرچووبن تا ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٩، ئەمانە هیچ کامیان لە هەرێم کاری پێ ناکرێت مەگەر لە پەرلەمانی کوردستان یاسای جێ ب ەجێ کردنی (انفاذ)ی بۆ دەرکرابێت.

ج- ئەو یاسایانەی کە لە دوای ڕێکەوتی (٢٠٠٣/٤/٩) لەلایەن پەرلەمانی ئیتحادی دەرچووینە دەکرێن بە دوو جۆرە یاسا، بەشێکیان یاسای فیدرالین لە بواری کارگێری و بە مەبەستی ڕێکخستنی بوارەکانی کاری دەزگاکانی دەوڵەت دەرچووینە کە بە یاسای (تنظيمي) دەناسرێن، ئەم جۆرە یاسایانەش ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستان جێ بەجێ دەکرێن.

جۆرەکەی تریش بە یاسای (تشريعی) دەناسرێت، کە بۆ کارپێکردنی پێویستە یاسای کارپێکردن (انفاذ)ی بۆ دەربچێ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەك خۆی یان بە هەموارکردنەوەوە.

هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بۆ بەڕێزتان، نمونەی یاسای خانەنشینی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ کە ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستان جێ بەجێ کراوە بە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بە پێ ی ئەم یاسایەش مووچەی خانەنشینی دادوەران کرایە (٨٠٪) موچەی ڕاستەقینەیان، گەرچی پێشتر لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستاندا هاتبوو کە دادوەر دەبێت بە ١٠٠٪ی مووچەی خۆی خانەنشین بکرێت، لێرەشدان سەرەڕای ئەوەی ئێمەی دادوەران زەرەرمەند بووین بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ملکەچی ئەم یاسایە بووین و جێ بەجێ مان کرد بە بێ بڕیاری جێ بەجێ کردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە. ئەمەش چونکە ئەم یاسایە (تنظيمي) بوو . لە کاتێکدا یاسای هاتوو چۆی عیراقی ساڵی (٢٠٠٤) لە پەرلەمانی عێراقەوە دەرچووە، بەو پێ یەی کە یاسایەکی (تشريعي)یە دوای هەموارکردنی هەندێك بڕگەی یاسای سزاو یاسای بنەماکانی دادگا کردنی سزایی (اصول المحاكمات) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە یاسای جێبەجێ کردنی بۆ دەرچوو، ئینجا لە هەرێم کاری پێکرا.

لە کۆتاییدا، پێمان باشە بە هەموو لایەك ڕابگەیەنین کە دەسەلاتی دادوەری خۆی بە پاسەوان و پارێزەری مەشروعیەتی یاساکان و بنەماکانی دادپەروەری لەم هەرێمە دادەنێ، بۆیە هیچ کاتێ ئامادە نیە لەبەر خاتری هیچ کەس و لایەنێك شکۆمەندی و متمانە لەلای کۆمەلانی خەلکی کوردستان بخاتە مەحەکەوە، بەوەی کارێك ئەنجام بدات کە بەدەر بێت لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان، بۆیە داوا لە گشت دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەین کە زانیاری ڕاست لە سەرچاوەی فەرمی و باوەڕپێکراو وەربگرن، ئینجا بلاوی بکەنەوە، بۆ ئەوەی نەکەونە هەڵەی یاسایی. لەگەڵ ڕێزماندا...

دادوەر
ئومێد محسن محمدامين
وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
بەریوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن -

Council of the Judiciary

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
- مديرية مركز الاعلام -

ژمارە / ٥ / ٤٢٦٣
ڕێکەوت / / ٢٧١٣ ٢٦ رەشەمێ

Date : ٢٠١٤/ ٣ / ١٧

**وێنەیەك بۆ /**

- بەڕێز..سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان..بۆ زانین..لەگەڵ ریزدا
- بەڕێز..سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان..بۆ زانین..لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێز..سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان..بۆ زانین..لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێز..نووسینگەی سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان..بۆ زانین..لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێز..سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر / سلێمانی / دهۆك / کرکوك –گەرمیان / بفەرموون بۆ زانین ٠٠٠٠ لەگەڵ ڕێزدا ٠
- گشت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە مەبەستی بلاوکردنەوە .